# بێ باوەڕی گەلی ئیسرائیل

ئامارەکان ١٣و ١٤

بەردەوامین لە گەڕان لە تەورات. وەك خۆتان دەزانت، تەورات یەکەم بەشی نووسینەکانی پێغەمبەرانە و پێك هاتووە لە پێنج بەش یاخود سیپارە. لە یەکەم سیپارە، سیپارەی پەیدابوون، فێربووین چۆن گوناە هاتە ناو جیهانەوە و مەینەتی و مردن و ئیدانەی لەگەڵ خۆی هێنا. هەروەها بینیمان چۆن خودا پلانێکی داڕشت بۆ ڕزگار کردنی ئادەم و نەوەکەی لە سزای گوناە، کەوا چوونە ناو ئاگری دۆزەخ تاهەتا. فێربووین چۆن خودا بەڵێنی دا ڕزگاری دەرێك بنێرێت بۆ ئەوەی بمرێت لەباتی گوناهباران تاکو خودا لە گوناهیان خۆش بێت بێ ئەوەی لەڕاستودرووستی خۆی دەرچێت. سیپارەی پەیدابوون هەروەها فێرمانی کرد چۆن خودا ئیبراهیمی هەڵبژارد و بەڵێنی دا بیکات بە نەتەوەیەکی مەزن، نەتەوەیەك کەوا پێغەمبەرانی لێوە بێت و لەکۆتاییشدا، ڕزگاری دەری جیهان.

لە دووەمە سیپارەی تەورات، کە سیپارەی دەرچوونە، بینیمان چۆن خودا گەلی ئیسرائیلی ڕزگار کرد، کەوا نەوەی ئیبراهیمن، لە بەند و کۆیلایەتییان لە خاکی میسر، بەدەستی موسای پێغەمبەری خۆی. خودا پێشەوایی خێڵەکانی ئیسرائیلی کرد بۆ دەرەوەی مییسر و بۆناو دەشتایی، و هێنایانی بۆ چیای سینا کە لەوێ ڕاسپاردەکانی پێ بەخشین و دەربارەی قوربانی خوێن فێریانی کرد کەوا بەو ڕێگایە دەتوانێ لەگوناهەکانیان خۆش بێت.

لە وانەی ڕابردوودا، بینیمان چۆن خودا فەرمانی دا بە موسا و گەلی ئیسرائیل کەوا چادرێکی کۆبوونەوەی جوان و سەرسوڕهێنەری بۆ درووست بکەن تاکو نیشتەجێ بێت لەناوەندیان. کە هەموو شتێك ئامادە بوو **ئینجا هەورێک چادری چاوپێکەوتنی داپۆشی و شکۆمەندی پەروەردگار هەوارگەکەی پڕ کرد.** (دەرچوون ٤٠: ٣٤) خودا بەگەلی ئیسرائیلی نیشان دەدا کە چۆن دەیەوێ پەیوەندیێکی سەرسوڕهێنەری لەگەڵیان هەبێ، بەڵام کەس ناتوانێ لێی نزیك ببێتەوە تەنها لە ڕێگای قوربانی خوێن نەبێ کە لەسەر قوربانگاکەی چادری چاو پێ کەوتن پێشکەش بکرێت. چادری چاو پێ کەتن و قوربانی ئاژەڵەکەی تەنها سێبەر و پشاندەری ڕزگاری دەرەکە بوون کە دەبوایە لە ئاسمانەوە بێت و لە زەوی نیشتەجێ بێت، و خوێنی خۆی بڕێژی وەك قوربانیەك کە گوناە لابدات.

لە سێیەم بەشی تەورات، پێی دەوترێ لیڤییەکان، خودا وەحی دا بە موسا کە یاساکان بنووسێ کەوا بە ووردی ڕوونی دەکاتەوە لەکوێ گەلی ئیسرائیل قوربانی پێشکەشی خودا بکەن کەوا گوناە لادەبات. ئەم سیپارەیە زۆر بنچینەییە، دەبینی دوو ووشە هەیە کە نزیکەی دووسەد جار دووبارە دەبێتەوە. ئەو دوو ووشەیە پەیامی هەموو سیپارەکە کورت دەکاتەوە. دوو ووشەکە ئەمانەن (پیرۆز) و (خوێن). بۆچی ئەم دوو ووشەیە بەبەردەوامی دووبارە دەبنەوە لەم سیپارەیە؟ چونکە یەکێك لەگرنگترین پەیامەکان کە مرۆڤ بتوانێ تێ بگاتیت ئەوەیە کە خودا پیرۆزە و کە **لێخۆشبوونی گوناهیش بێ خوێن ڕشتن نابێت.** (عیبرانیەکان ٩: ٢٢) بەهای سێیەم سیپارەی تەورات ئەوە بوو گەلی ئیسرائیل فێربکات چۆن گوناهبارێکی ناپاکی لەکەدار دەتوانێ لە خودا نزیك بێتەوە کە پاك و پیرۆزە. خودا بەئاشکرایی پشانی دا کە کەس ناتوانێ لێی نزیك بێتەوە تەنها لە ڕێگای قوربانی خوێنەوە نەبێ، قوربانیەك کە نیشان دەر پێش وەختی ڕزگاری دەرە پیرۆزەکە بوو کەوا دێتە جیهانەوە بۆ ئەوەی بمرێت لەباتی گوناهباران و قەردی گوناهەکانیان بداتەوە.

با بچینە بەشی چوارەمی تەوراتی موسا، سیپارەی ژمارەکان. لەم سیپارەیە، دەخوێنینەوە چۆن گەلی ئیسرائیل لەخوار چیای سینا ژیان بۆ نزیکەی ساڵێك. لەو ساڵەدا خودا زۆر شتی فێریان کرد، و وەحی دا بە موسا کە زۆربەی تەوراتی پیرۆز بنووسێ کە ئەمڕۆ لێی دەخوێنینەوە.

بەڵام، نیازی خودا ئەوە نەبوو گەلی ئیسرائیل لە دەشتایی بژین تاهەتا. بۆیە ڕۆژێك خودا فەرمانی پێیان دا کە بار بکەن، و بەردەوام بن لە سەرکەوتن بەرەو ئەو خاکە چۆڵەی بەڵێنی پێیان دابوو، خاکی کەنعان. نووسراوە پیرۆزەکان پێمان دەڵێت لەو ڕۆژەی کە دەبوایە چیای سینا بەجێ بێڵن، ئەو هەورەی شکۆمەندی خودا کە چادری چاو پێ کەوتنی داپۆشی بوو، بڵند بووەوە و دەستی کرد بە دەرچوون لە پێشیان. پەروەردگار خۆی پێشەوایانی دەکرد، لەنێو هەورێکدا بە ڕۆژ تاکو ڕێگایان نیشان بدات، و لە ناو ستونێکی ئاگر هەموو شەوێك.

بۆیە، گەلی ئیسرائیل بەدوایی هەورەکەدا دەڕۆیشتن بە ڕۆژ و ستونی ئاگرەکە بەشەو تاکو گەیشتنە سنووری کەنعان، ئەو خاکەی خودا بەڵێنی دابوو بیدات بە ئیبراهیم و نەتەوەکەی زۆر لەوە پێش. خودا بەڵێنی خۆی لەیاد نەکردبوو. لەبەر دڵسۆزی و هێزی خودا، گەلی ئیسرائیل گەیشتنە سنووری خاکی کەنعان. کە ئەمڕۆ پێی دەڵێین فەلەستین یان ئیسرائیل.

بەڵام خاکی کەنعان پڕبوو لە خەڵك. خەڵکی کەنعان زۆر و بەهێز بوون. باشە چۆن گەلی ئیسرائیل دەبنە خاوەنی؟ تەنها یەك ڕێگا هەبوو: خودا ئەو خاکەیان دەداتێ. هیچ شتێك زەحمەت نیە لای خودا! خودا بەڵێنی بە ئیبراهیم دا: **(ئەم خاکی کەنعانە دەدەم بە خۆت و نەوەکەت!)** خودا پلانی هەبوو کە خەڵکی کەنعان لەناو بەرێ و خاکەکە بداتە دەستی گەلی ئیسرائیل، نەوەی ئیبراهیم. گرنگە تێگەیشتن لەوەی کە گوناهەکانی خەڵکی کەنعان زۆر گەورەبوو. تاوانباربوون بە بەدڕەوشتی، تەنانەت منداڵەکانیان دەکرد بە قوربانی بۆ خوایە سەختەکانیان. خودا زۆر ئارامی گرتبوو لەسەر خەڵکی کەنعان، بەڵام ئەوان بەردەوام بوون لە حەزە شەرمەزارەکانیان و شێوازی گوناهەکانیان. بۆیە، خودا پلانی دانا خاکەکەیان بدات بە خێڵەکانی ئیسرائیل.

ئێستاش با لە سیپارەی چوارەمی تەورات بخوێنینەوە بۆ ئەوەی ببینین چی ڕوویدا کاتێ گەلی ئیسرائیل گەیشتنە سنووری خاکی کەنعان. لەبەشی سێزدەهەم، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (ئامارەکان ١٣) ١ ئینجا پەروەردگار لەگەڵ موسادا دووا و فەرمووی:
٢ (چەند پیاوێک بنێرە بۆ سیخوڕیی خاکی کەنعان کە من بە نەوەی ئیسرائیلم داوە، لە هەر هۆزێک لە باوکانیان پیاوێک دەنێرن، هەر
یەکێکیان سەرکردە بێت لەناویاندا.) ٣ موساش لە چۆڵەوانی پارانەوە بەپێی فەرمانی پەروەردگار ناردنی... ٢١ ئەوانیش سەر کەوتن و
سیخوڕیی خاکەکەیان کرد...
٢٥ ئینجا دوای چل ڕۆژ لە سیخوڕیەتی خاکەکە هاتنەوە. ٢٦ هاتنە لای موسا و هارون و هەموو کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیل لە چۆڵەوانی
پاران، لە قادێش، هەواڵیان بۆ ئەوان و بۆ هەموو کۆمەڵ هێنایەوە و بەروبوومی خاکەکەیان پیشاندان. ٢٧ هەواڵیان پێی دا و وتیان:
(بۆ ئەو خاکە چووین کە تۆ ئێمەت بۆی نارد و بە ڕاستی شیر و هەنگوینی لێ دەڕژێت! ئەمەش بەرەکەیەتی. ٢٨ بەڵام ئەو گەلەی
لە خاکەکەدا نیشتەجێیە بە هێزن و شارەکان قەڵابەند و زۆر مەزنن، هەروەها نەوەی عەناقیشمان لەوێ بینی.

٣٠ بەڵام کالێب گەلی بۆ موسا بێدەنگ‌کرد و وتی: (با سەربکەوین و دەستی بەسەردا بگرین، چونکە تواناکان بەسەریدا هەیە.)
٣١ بەڵام ئەو پیاوانەی لەگەڵیدا چووبوون وتیان: (ناتوانین سەربکەوین و دژایەتی ئەو گەلە بکەین چونکە لە ئێمە بەهێزترن.) ٣٢ جا
ڕاپۆرتێکی خراپیان لەنێو نەوەی ئیسرائیلدا بڵاوکردەوە سەبارەت بەو خاکەی سیخوڕیان تێدا کردبوو، وتیان: (ئەو خاکەی پێیدا چووین
تا سیخوڕیی بکەین، خاکێکە دانیشتووانەکەی دەخوات و هەموو ئەو گەلەی تێیدا بینیمان باڵا بەرز بوون. ٣٣ هەروەها لەوێ
ستەمکارانی زەبەلاحمان بینی، نەوەی عەناق کەوا لە ستەمکارانی زەبەلاحن، لە چاوی خۆماندا وەک کوللە وابووین، بە هەمان
شێوەش لەچاو ئەوان.)

(ئامارەکان ١٤) ١ جا کۆمەڵ هەموو دەنگیان بەرز کردەوە و هاواریان کرد و ئەو شەوە گەل گریا و ٢ هەموو نەوەی ئیسرائیل
دەستیان کردە بۆڵەبۆڵ بەسەر موسا و هارون و هەموو کۆمەڵ پێیان وتن: (خۆزگە لە میسر نەک لەم چۆڵەوانییەدا بمردبووینایە!
٣ بۆچی پەروەردگار ئێمە دەهێنێتە ئەم خاکە تا بە شمشێر بکەوین و ژن و منداڵمان ببنە نێچیر، ئایا باشتر نییە بگەڕێینەوە میسر؟)

[٤] جا بە یەکتریان وت، (سەرۆکێک بۆ خۆمان دادەنێین و دەگەڕێینەوە میسر.) [٥] ئینجا موسا و هارون بەسەر ڕوویاندا کەوتن لەبەردەم هەموو کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیلدا کە لەوێ کۆببوونەوە و [٦] یەشوعی کوڕی نون و کالێبی کوڕی یەفونەش لەوانە بوون کە سیخوڕیی خاکەکەیان کردبوو، جلەکانی خۆیان دڕاند و [٧] لەگەڵ هەموو کۆمەڵی نەوەی ئیسرائیلدا دووان و وتیان: (ئەو خاکەی پێیدا چووین تا سیخوڕیی بکەین خاکێکی زۆر زۆر باشە، [٨] ئەگەر پەروەردگار پێمان دڵشاد بێت ئەوا دەمانباتە ناو ئەو خاکەی پێمان دەدات، خاکێک کەوا شیر و هەنگوینی لێ دەڕژێت. [٩] بەڵام لە پەروەردگار یاخی مەبن و لە گەلی ئەو خاکە مەترسن، چونکە خواردنی ئێمەن، ئەوەتا سێبەریان نەماوە و پەروەردگار لەگەڵمانە، لێیان مەترسن.)

[١٠] بەڵام هەموو کۆمەڵ وتیان، با ئەو دووانە بەردباران بکرێن، ئینجا شکۆمەندی پەروەردگار لە چادری چاوپێکەوتندا بۆ هەموو نەوەی ئیسرائیل دەرکەوت. [١١] پەروەردگاریش بە موسای فەرموو: (تا کەی ئەم گەلە سووکایەتیم پێ دەکەن و تا کەی باوەڕم پێ ناکەن، سەرباری ئەو هەموو نیشانانەی لەنێوانیاندا کردم؟

با لێرە ڕاوەستین. تێ دەگەی چۆن گەلی ئیسرائیل لە سنووری خۆیان لادا و خودایان بریندار کرد؟ بێ باوەڕییان دەبینی؟ سەرنجی ئەوە دەدەی چۆن خودایان تاوانبار کرد کە لە قسەی خۆی پەشیمان بۆتەوە؟ بەڵێ، لەو ڕۆژەدا گەلی ئیسرائیل گوناهێکی مەزنیان کرد لەبەر ئەوەی باوەڕیان بە بەڵێنی خودا نەهێنا کە خاکی کەنعانیان بداتێ. باوەڕیان بە بەڵێنی خودا بۆ ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب و یوسف و موسا نەهێنا. وەك زۆر کەسی ئەم زەمانە کە دەڵێن، (باوەڕمان بە خودا و پێغەمبەران هەیە!) لەگەڵ ئەوەشدا و لە ڕاستیدا باوەڕیان بە خودا نیە و باوەڕیان بە پێغەمبەران نیە، لەبەر ئەوەی باوەڕیان بە بەڵێنی خودا نیە کە داویەتی بە پێغەمبەرانی لە نووسراوە پیرۆزەکان! بێ باوەڕی گوناهێکی سامناکە بەرامبەر خودا. با چیرۆکەکە تەواوکەین. (ئامارەکان ١٤) [٢٦] هەروەها پەروەردگار لەگەڵ موسا و هاروندا دووا و فەرمووی: [٢٧] (تا کەی ئەم کۆمەڵە بەدکارە بۆڵەبۆڵەکەرە دژم دەوەستن؟ من گوێم لە بۆڵەبۆڵی نەوەی ئیسرائیل بوو کە لەسەر من دەیکەن. [٢٨] پێیان بڵێ، (پەروەردگار دەفەرموێت، بە گیانی خۆم، وەک ئەوەی لە گوێی من وتتان، ئاواتان لێ دەکەم. [٢٩] لەم چۆڵەوانییە لاشەکانتان دەکەوێت، هەموو تۆمارکراوەکانتان بەگوێرەی سەرژمێریتان لە کوڕی بیست ساڵ بەرەو سەرەوە ئەوانەی بۆڵەبۆڵیان دژم کرد، [٣٠] ناچنە ناو ئەو خاکەی کەوا سوێندم خوارد تێیدا نیشتەجێتان بکەم، تەنها کالێبی کوڕی یەفونە و یەشوعی کوڕی نون نەبێت، [٣١] بەڵام منداڵەکانتان کەوا وتتان دەبنە نێچیر، ئەوا من دەیانبەمە ناوی و شارەزای ئەو خاکە دەبن کەوا ئێوە ڕەتتان کردەوە. [٣٢] جا لاشەکانی ئێوە لەم چۆڵەوانییە دەکەوێت... [٣٥] من پەروەردگارم و فەرمانم کرد، دەبێت وا لە هەموو ئەم کۆمەڵە بەدکارە ڕێککەوتووەی دژ بە خۆم بکەم، لەم چۆڵەوانییە لەناودەچن و دەمرن.)

[٣٦] بەڵام ئەو پیاوانەی موسا ناردنی بۆ سیخوڕیی خاکەکە و هاتنەوە و هەموو کۆمەڵیان لێ هاندا بەوەی ڕاپۆرتی خراپیان لەسەر خاکەکە بڵاو کردەوە، [٣٧] ئەو پیاوانە لەبەردەم پەروەردگار بە دەرد مردن، لەبەر بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی خراپ لەسەر خاکەکە، [٣٨] بەڵام یەشوعی... و کالێبی... لەو پیاوانە بوون کەوا بۆ سیخوڕیی خاکە چووبوون و ژیان... لەبەر ئەوەی باوەڕیان بە ووشەی خودا هەبوو.

بەم شێوەیە دەبینین چۆن گەلی ئیسرائیل ڕەتیان کردەوە باوەڕ بەپەروەردگار بێنن سەرەڕای ئەوەی ڕزگاریانی کرد لەدەستی فیرعەون و هێنایانیە سنووری خاکی کەنعان. خودا چی لەوانە کرد کە باوەڕیان بە ووشەی نەبوو؟ حوکمی مردنی لە دەشتایی بۆیان دا! بۆچی ئەم نەوەیەی گەلی ئیسرائیل نەچوونە ناو خاکی کەنعانەوە؟ لەبەر ئەوەی باوەڕیان بە ووشەی خودا نەدەهێنا!

ڕەت کردنەوەی باوەڕ هێنان بە ووشەی خودا کارەساتێکی سامناکە. دەبێت خودا سزای ئەو کەسانە بدات کە باوەڕهێنان بەو ڕەت دەکەنەوە! هەر کەسێك قێزی بێت و بەجیاوازی مامەڵە لەگەڵ ئەوەی خودا دەفەرموێ لە ووشە پیرۆزەکەی، ئەوا خودا بەدرۆزن دادەنێ و نابێتە بەشێك لە شانشینە تاهەتاییەکەی! حەزی خودا ئەوە نیە کە یەکێك بفەوتێ لەناو بێ باوەڕی. خودا دەیەوێ هەموو کەس باوەڕ بە مزگێنییەکە بێنێ سەبارەت بەڕێگای ڕزگار بوون کە دایمەزراندووە. بەڵام هەموو کەس دەبێت بۆ خۆی بڕیار بدات.

هەموو ئەوانەی باوەڕ هێنان بەووشەی خودا ڕەت دەکەنەوە دەفەوتێن. گوێ بگرە لەم ئاگادارکردنەوەیە لە ڕۆحی پیرۆزی خودا لە ڕێگای پێغەمبەرانەوە: ئەمڕۆ، ئەگەر گوێتان لە دەنگی ئەو بوو، دڵتان ڕەق مەکەن وەک لە یاخیبوونەکەدا، وەک ئەو ڕۆژەی تاقیکردنەوە لە بیاباندا... خوشکان، برایان، ئاگاداری خۆتان بن، نەوەک یەکێتان دڵێکی خراپ و بێباوەڕی هەبێت کە لە خودای زیندوو هەڵبگەڕێتەوە! (عیبرانیەکان ٣: ٧، ٨، ١٢ و زەبوورەکان ٩٥: ٧–١١)

بۆ وانەی داهاتوو دەبینین چۆن ئەوانەی باوەڕهێنانیان بە خودا ڕەت کردەوە فەوتان لە دەشتایی، هەروەك خودا داوای کرد. خودا بەرەکەتدارت بکات کاتێ سەرنجی ئەم ئاگادارییە دەدەی لە نووسراوی پیرۆزی:

(خوشکان، برایان، ئاگاداری خۆتان بن، نەوەک یەکێتان دڵێکی خراپ و بێباوەڕی هەبێت کە لە خودای زیندوو هەڵبگەڕێتەوە!) (عیبرانیەکان ٣: ١٢)



## گرنگترین پرسیارەکان بۆ ئەم وانەیە:

١. بۆچی ئەم دوو ووشەیە بەبەردەوامی دووبارە دەبنەوە لەم سیپارەیە، (پیرۆز) و (خوێن)؟
٢. چۆن گەلی ئیسرائیل دەبنە خاوەنی خاکی کەنعان؟
٣. تێ دەگەی چۆن گەلی ئیسرائیل لە سنووری خۆیان لادا و خودایان برینداركرد؟
٤. بێ باوەڕییان دەبینی؟
٥. سەرنجی ئەوە دەدەی چۆن خودایان تاوانبار کرد کە لە قسەی خۆی پەشیمان بۆتەوە؟
٦. خودا چی لەوانە کرد کە باوەڕیان بە ووشەی نەبوو؟
٧. بۆچی ئەم نەوەیەی گەلی ئیسرائیل نەچوونە ناو خاکی کەنعانەوە؟

**ڕێگای ڕاست و دروستی:**
**وەرزی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز**
(٢٠١٦)
Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011
ئەم خوێندنەوە لە {***The Way of Righteousness*** by Paul Bramson, 1998} بەخەش کراوەتە.
**بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای راستودروستی**
rrd2011@yahoo.com		www.rrdk.org